# باشترین جیهاد وتێکۆشان بریتیە لە وتەیەکی دادپەروەرانە لە لای دەسەڵاتدارێکی ستەمکار

لە ئەبی سەعیدی خودرییەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «باشترین جیهاد وتێکۆشان بریتیە لە وتەیەکی دادپەروەرانە لە لای دەسەڵاتدارێکی ستەمکار».
[حسن لغيره] [(أبو داود والترمذي وابن ماجه وأحمد) ڕیوایەتیان کردووە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ڕوونیدەکاتەوە کە گەورەترین و بەسوودترین جۆرەکانی جیهاد کردن لە پێناو خوای گەورە بریتیە لە ووتنی وشەیی هەق وڕاست لەلای دەسەڵاتدارێکی ستەمکار ؛ چونکە کردەوەی کردووە بە دروشمی فەرمان بە چاکە ونەهی کردن لە خراپە، ئینجا بە قسە یان بە نووسین یان بە کردەوە یان بە هەر ئامڕازێکی تر بێت کە دەبێتە هۆی بەدیهێنانی بەرژەوەندی ودوورخستنەوەی شەڕ وخراپە.

https://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/3045